# بۆ پیاو لە ژن دەدا؟

ڕێکپۆش عزیز
rekposh_3@hotmail.com

ڕەنگە هەموو ئەوە بزانین کە ئەمڕۆ لە سوید چیدی لێدانی ژنان لە چوارچێوەی ماڵەکاندا نامێنێتەوەو هەر پیاوێک توندو تیژی دژ بە هاوسەر یا هاوڕێکەی بەکار بهێنێ وەک تاوانێکی گشتی دێتە ئاژمار و سزای تایبەتی خۆشی هەیە، بەڵام لە کۆمەڵگا پڕ لە سەیرو سەمەرەکەی ئێمەدا نەك هەر لێدانی ژنان بە تاوان نایەتە ئاژمار بگرە لە ڕێکخراوێکی ژناندا قژیان لەسەر ژنێکی داماو بڕی و تێرپڕ کوتایان کە ئەو ژنە لەتاو توندووتیژی پیاوان هانای بۆ ئەو ڕێکخراوەی ژنان هێنابوو، هەرگیز ئەوەم لەیاد ناچێت ڕۆژێک ژنک لەترسی لێدان وتوندوتیژی پیاوەکەی ڕوویکردە ڕێکخراوێک،بەڵام ئەو ڕێکخراوەی ژنان ئێوارەی هەمان ڕۆژ ئەو ژنەی کردەوە دیاری بۆ بەر دەستی پیاوە جەلادەکەی.

توندو تیژی بەرامبەر ژنان کێشەیەکی گەورەو بەر بڵاوە لە کۆمەڵی ئێمەدا بەرادەیەک کە هەندێ جار ئەم توندوتیژی پیاو بەرامبەر ژنان زۆر بە نۆرمێکی ئاسایی دێتە ئاژمار. دەمار گرژی و توندی پیاوان لای ئێمە سیفەتێکی ئاسایی پیاوانە. کە هەر ئەم توندی و دەمار گرژییە هۆی سەرەکی لێدان و ئازار دانی ژنانە لە چوارچێوەی خێزاندا. توندووتیژی دژ بە هەر ژنێک لەهەر خێزانێکدا بێت دەبیتا هۆی کێشە بۆ هەر یەک لە تاکەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایەدا چونکە لەلایەک کێشەیەکە بۆ خوودی ئەو ژنەی لێی دەدرێ چونکە ژیان و گیانی لە مەترسیدایە، وە لەلایەکی ترەوە کێشەیەکە بۆ خوودی پیاوەکەی کە توندووتیژی بەکار هێناوە لەبەر ئەوەی کارێکی دژ بە ڕەوشتەمرۆییەکان ئەنجام داوەو خێزانەکەی خۆی خستۆتە بەر مەترسی لێکترازاندن، هەروەها کێشەیەکیشە بۆ منداڵەکانی ناو ئەو خێزانە چونکە ئەوان لە خێزانێکدا گەورە دەبن کە باوکسالاریە و دەسەڵاتی یەکەمی ناو خێزانەکە باوکیانەو دایکی و منداڵەکان ژێردەستەن ولە بەرامبەر باوکیاندا ناتوانن هیچ بڵێن ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە ئایندەدا ئەو منداڵانە لێدان بەکار بهێنن لەگەڵ دەوروبەرەکانیاندا.

ئەو پیاوانەی کە لە ژنان دەدەن لە کۆمەڵی ئێمەدا زۆر بە کەسانێکی سالم وئاسایی ناو کۆمەڵگا دێنە ئاژمارئیتر لە کابرای نەخوێنداوارەوە بیگرە تا دەگاتە کەسانی ڕۆشنبیرو پیاوەنی سیاسی و هتد...هەمووی مومارەسەی ئەو دەسەڵاتەی خۆی دەکات کە ئەو کۆمەڵگا پاتریالکیە حەقی پێداوە، ستروکتۆری ئەو کۆمەڵگایە پاتریالکیە پیاوی سەردەستەوپلەیەک وە ژنی پلەدووژێردەستەوە ڕۆڵی پیاو ئەو ڕۆڵەیە کە بەردەوام ژن سەرکوت بکات و بەئارەزووی خۆی بیچەوسێنێتەوە.

لێرەدا دەکرێ بپرسین کە بۆچی پیاو لە ژن دەدات؟ ئایا ئەو هۆکارانە چین کە دەبنە هۆی ئەوەی پیاو پەنا بەرێتە بەر توندووتیژی دژ بە ژنان ؟ئەی بۆ ژنان لای ئەو پیاوانە دەمێننەوە کە لێیان دەدەن؟ لێرەدا هەوڵ دەدەم بە کورتی لە ڕوانگەی فیمێنیستەکانەوە وەڵامی ئەم پرسیارانە بخەمە ڕوو. فیمێنیستەکان پێیان وایە کە دروست بوونی خێزانی سونەتی دەزگایەکی سەرەکییە کە تیایدا توندووتیژی و لێدانی ژنانی تیادا ئەنجام دەدرێ لە کۆماڵگادا.

بەپێی تێزی فیمێنیزم ئەو خێزانە سونەتیانە شوناسێکی پیاوی سەردەستەو ژنی ژێردەستەی هەیە، وە ئەم دەزگا کۆمەڵایەتیە سونەتیە چەوساندنەوەو لێدانی ژنان لەناو خێزاندا ئاسایی وەودەگرێ ، لە کۆمەڵی ئێمەدا دروست بونی خێزانەکان لەسەر ئەو وشە ئەفسوناویەیە کە پێی دەڵێن خۆشەویستی. خۆشەویستی گەورەترین ئالیەتی ئیستیغلال کردنی ژنانە ،هەموو سنوورەکانی سەر ژنان لەوێوە دەست پێ دەکات،پیاو لە ڕۆژی یەکەمەوە هەوڵ دەدا هەموو ئەوانە بە ژن بڵێت کە خۆی دەیەوێ، چۆن بپۆشێ، چۆن بڕوا بەڕێدا، لەگەڵ کێ هاوڕێیەتی بکا تەناتەت چۆن و چەند جار بچێت بۆ ماڵی باوکی وەلەناو ئەو جۆرە خێزانانەدا ئەوەی گرنگ نەبێت مەسەلەی سێکسی ژنانە، چونکە ژن وا پەروەردا کراوە کە تەنها دەبێ، ئارەزووەکانی پیاو کپ بکات،وە گەر ژنێک بە پیاوێکی وتت بەری چاوت کلیی پێوەیە ئەوا ئەو ژنە سوکایەتی کردەوە بەپیاوەتی بوونی، مانای پیاوەتی بوون لەو کلتورەدا پیاو لەڕێی بەکارهێنانی توندوو تیژیەوە دەیپارێزێ بۆ ئەم پاراستنەش پیاو هێزی جسمی بەکار دەهێنێ بۆ هێشتنەوەی ئەو پایە کۆمەڵایەتیەی خۆی

لێدانی ژنان لەلایەن پیاوانەوە زۆر هۆکاری ئاڵۆزی لە پشتە بەڵام بەربڵاو ترینیان ئەوەیە کە پیاو هەست دەکات دەسەڵات و ڕێزی پیاوەتی بوونی لە مەترسی دایە ئە ژنە کە دەیەوێ لە فەرمانەکانی ئەو دەربچێ و جێگەی ئەو بگرێتەوە لە بڕیارداندا، وە ئەم مەترسیەش لای پیاو لێدانی بەرامبەرەکەیدا بە دەردەکەوێ، زۆر جار دڵپیسی وجیابوونەوە ژنان لە پیاوان هۆکارێکی سەرەکین بۆ ئەوەی کە پیاو هەست بە سوکایەتی پێکردن و لەدەستدانی دەسەڵاتی خۆی بکات..

کاتێ پیاو هەست دەکات کۆنترۆلی نەماوە بەسەر هاوسەرەکەیدا زۆر جار دەکەوێتەوە بیری دەورانی منداڵی خۆی کە ناحەقیان بەرامبەر کردوە یا ناحەقی لە دەوروبەریدا کراوە، وە زۆرجار پیاو دەکەوێتە کێشە لەگەڵ مانای پیاوەتی بوونی خۆی،لە دەورانی منداڵیدا زۆر جار باری بائارامی هەبووەو باوکی نەیتوانیوە ببێتە نموونەیەکی باش لەبەر چاوی دا، سزانەدان لای جۆری ئەم پیاوانە دەلالەت لە بێدەسەڵاتی پیاو دەکا، بۆیە پیاو دەیەوێ ئەوەی لە دەستی داوە ، بەدەستی بهێنێتەوە..

بەراستی زۆر بەدەگمەن ژن هەیە کە پاش ئەوەی پیاوەکەی لێیدا . ئەو پیاوە بەجێ بهێڵێ وە لێێ. جیا ببێتەوە کە ئەمەش جێی داخە لە کۆمەڵی ئێمەدا وە هۆکاریش زۆرن یەک لەوانە ئەوەیە کە زۆربەی ژنانی کوردستان لە رووی ئابووریەوە وابەستەی پیاوون. لەلایەکی تریشەوە ئەو سونەتەی کە لەکۆمەڵی کوردیدا هەیە ئەوەیە کە جیابوونەوەی ژن لە پیاو تا ئێستا دەچیتە قاڵبی عەیبەو عارەوە ئەمەش بەرای من روانگەیەکی زۆر نامرۆیانەیە چونکا ناکرێ ژنێک ژیان لەگەڵ پیاوێکدا بەرێتە سەر کە ئەو پیاوە لە رووی جسمی و دەروونییەوە ئازاری بدا.

لەلایەکی تریشەوە زۆربەی ژنان لە سەر ئەو باوەڕەن کە پیاوەکەی جارێکی تر لێی ناداو شتی وا دووبارە نابێتەوە تا سەر ئەنجام کار بە رادەیەک دەگا کە ئیتر ژن جورئەتی جیابوونەوە ناکا لەو پیاوە، وە هەندێکی تر لە ژنان باوەڕ بە ووتەکانی ئەو پیاوە دەکەن کە دوای ئازاردانی ژنەکە داوای لێبووردن داکاو پەشیمانو دەبێتە کەسێکی پڕ عاتیفەیە، ژنەکەش پێی وایە ئەم پیاوە ئەوی خۆش دەوێ بۆیە تەنانەت هەندێ لە ژنان باس تووندووتیژی پیاوەکانیان ناکەن و لەم ڕێگەیەوە پیاوەکانیان دەپارێزن بە نرخی گیان وژیانی خۆیان.

---

تێبینی، بۆ نوسینی ئەم بابەتە سودم لە کتێبی
Kvinnomisshandel inom äktenskapet
وەرگرتوە. '